# وەڵامێك بۆ بەشی تەندروستی یەكیەتی ژنانی كوردوستان

**فلاح مرادخان شاكرم**
**ڕێكخەری پرۆژەكانی**WADI **لە عێراق**

لە ژمارە 210 ڕۆژنامەی ڕێوان لە بەرواری 1-3-2010 بەڕێز روناك فرج ئاغا " بەشی تەندروستی یەكیەتی ژنانی كوردوستان " لە نوسینێكدا بەناوی " هەموو مێینەكانی سلێمانی بەبێ ئاگایی خۆیان خەتەنەكراون " كۆمەڵێك بابەتی وروژاندوە سەبارەت بە خەتەنەكردنی مێینەو كارەكانی ڕێكخراوی وادی و یەكیەتی ژنان ، هەربۆیە پێمان باش بوو چەند رونكردنەوەیەك لەو بارەیەوە بخەینە روو .
سەرەتا ئێمە وەك ڕێكخراوی وادی دەستخۆشی و ڕێزی زۆرمان بۆ سەرجەم ئەو ڕێكخراوانە هەیە كە بە ئەركی خۆیان هەڵدەستن ، بەتایبەتی ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان و خوشكان ..تادوایی ،
وە سەرجەم ڕێكخراوەكانی ژنان لە كوردوستان شایەتی ئەوەن كە لە ساڵی 1993 ڕێكخراوی WADI لە بڕوای تەواوی بە دیموكراتی و ماف مرۆڤ و ئازادی پاڵپشتی دۆزی ڕەوای كورد و خەڵكی عێراق بوە ، وەپێمان وایە هیچ كام لەو بڕوایانەش كامڵ نابن بەبێ دابینكردن و زامنكردنی ماف و یەكسانی ژنان لە سەرجەم بوارەكاندا ، گومان خستنە سەر كاروچالاكیەكانی ئەم ڕێكخراوە تەنها بەهۆی ناو نەهێنانی یەكیەتی ژنان لە كۆنفرانسێكدا غەدرێكی زۆر گەورەیە وە ڕاستیش پێچەوانەیە چونكە هەر لەو كۆنفرانسەدا بەڕێوبەری گشتی ڕێكخراوەكەمان " توماس ڤوندێر ئوستن " باسی لەوەكرد سەنتەری روناكبیری و ڕاگەیاندنی ژنان " كە مەبەستی یەكیەتی ژنانیشە ؟! " یەكەم كەس و لایەن بوون كاریان بۆ دژایەتیكردنی ئەم بابەتەكردوە، وە ئەگەر پێویست ئەكات چەندین دۆكیومێنتتان پێشكەش ئەكەین كە زۆرجار باسمان لە گرنگی ڕۆڵی یەكیەتی ژنان كردوە " هەر لە دوا بەرنامەی ئەڤین ژن و ژیان و بەرنامەیەكی جەماوەر و كوردسات " دەستخۆشیتان لیكراوە بەلام دیارە ئێوە ئاگادار نەبون ؟
ئەو بەڕێزە باس لەوە ئەكات " وادی 4 ساڵە هەڵمەتێكی ڕاگەیاندنی چڕو پڕ ئەكات " ڕاستەیكەشی 6 ساڵ و چەند مانگێكیشە 2004 بۆ 2010 وە تكا لە روناك خان ئەكەین كاری 2 ساڵی ڕێكخراوێك سفر نەكاتەوە كە لە ماوەی ئەو دوساڵەو ئەو ئەو چوار ساڵەش كە ئەو باسی كردوە كاری ڕاگەیاندنمان نەكردوە بەڵكو فراوانترین هەڵمەتی هۆشیاری و داتاكۆكردنەوەو زانیاری و لۆبیكردنمان كردوە ، وە فراوانترین كاری مەیدانی ڕۆژانە لەلایەن 6 تیم كە هەموو بەیانیەك سەعات 6.30 رویان لە گوندەكان كردوە و هەڵمەتی هۆشیارییان ئەنجام داوە ، وە ڕاگەیاندن تەنها ئامرازێكی فشار بوە لەسەر ئەو سیستەمە سیاسیەی كە بەڕێزت ناوت هێناون و شەرم ئەكات لە پەرلەمانی كوردوستاندا باس لە خەتەنەكردنی مێینە بكرێت وە هەمیشە پێیان وابوە كە ئێمە لەو تاوانە گەورەیە بێدەنگ ئەبین وەك چۆن خۆیان لە مانگی 2 ساڵی 2008 بێدەنگیان لە بابەتەكە كرد ؟ بلاوكردنەوەی ئەو ئامارانە لە ڕاگەیاندنەكان وە گەیاندنیان بەدەستی پەرلەمان و وەزارەتی تەندروستی فشار دانان بوە بۆ ئەوەی جەستەی مێینەی ئەم وڵاتە بەناوی " سونەت " ئەتك نەكرێت وە " دكتۆر زریان وەزیری تەندروستی پێشو ، لە نوسینگەكەی خۆیەوە پێی وابێت ئافرەتی كورد هیچ كێشەیەكی نیەو لە ئافرەتی ئەوروپی خاوەن ماف زیاترە " وە پەشیمان بێتەوە لە كاركردن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەكە .

ئەوە کارەساتە کە بەشی تەندروستی یەکیەتی ژنانی کوردوستان و روناك خان بەبێ ئەوەی ئەوەندە عەزیەت بکێشن یەك پەرە لەو لێکۆڵینەوەیە بخوێننەوە کە بەپێی ستانداری نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە و یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستیە لەسەر خەتەنەکردنی مێینە لە کوردوستاندا ، دێن لێکۆڵینەوەکە بەدرۆ ئەخەنەوە ، ئەو سەرچاوەیەی کە بەشی تەندروستی یەکیەتی ژنان پشتی پێ بەستوە ژمارە 209 رۆژنامەی رێوانە کە بەداخەوە بە هەڵە ئامارەکان دابەزیبون و شایەنی ئەوە بوو رونکردنەوەی لەسەر بدرێت بەڵام ئەگەر بەرێزیان ئاگاداری لێکۆڵینەوەکە بونایە ئەو لێك تێنەگەیشتنانە روی نەئەدا !

لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتوە : رێژەی گشتی خەتەنەکردن 72٪ ، پارێزگای سلێمانی 72.7 ٪ هەولێر 63٪ وە گەرمیان 81.2 .




هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتوە :

لە کاتی ئێستەدا ئەگەرەکانی ئەوەی کە کچێك لە خەتەنەکردن رزگاری بێت باشترە لەنێو کچانی 14-20 ساڵی رێژەکە 57٪ وە لەنێو تەمەنە بەرزەکان دەگاتە 95.7 ٪ .




ئەم لێکۆڵینەویە لە نێو گروپێکی ژنان و کچاندا ئەنجام دراوە کە تەمەنیان لەنێوان 14-88 ساڵیە بەڵام بۆ زانینی رێژەکە لەنێوان تەمەنی نزم چاوپێکەوتن لەگەڵ 424 دایك کراوە سەبارەت بە کچەکانیان تەنها 34.4 ٪ بە هەموو یان هەندێك وەڵامیان داوەتەوە بەڵام جێی سەرنجە کە تەنها 10 ٪ وتویانە کە لە داهاتودا کچێکی دیکە خەتەنە ئەکەن .

ئایا روناك خان هیچ کام لەم زانیاریانەی خوێندبویەوە پێش بەدرۆ خستنەوەی لێکۆڵینەوەکە !؟ .

ئەو بەرێزە ئەڵێت لەساڵی 1997 لێکۆڵینەوەیەك کراوە لەشاری سلێمانی تەنها 1٪ مێیینە خەتەنەکراوە ، ئەم زانیاریە ئەگەر راستیش بێت خزمەتی کێ ئەکات ، کەمکردنەوەی رێژەکان لە خزمەتی یەکیەتی ژناندایە یان بەردەوام بونی تاوانەکە بە نهێنی " بەرێزان ئێوە لە هەموو کەس باشتر ئەزانن نهێنی بونی بابەتەکە هۆکاری بەردەوام بونیەتی " کێ ئەتوانی رێژەیەکی لەو شێوەیە کەم دیاری بکات لەکاتێکدا هێشتا لە رانیەو قەڵادزە رێژەی گشتی لەسەرو 90٪ لە چەمچەماڵ و تەکیەو هەڵەبجەو گەرمیان رێژەیەکی بەرز هەیە ، ئێمە دەپرسین ساڵانە چەند خێزان لەو گوند و شارو شارۆچکانەوە دێنە ناو شاری سلێمانی ؟

هەر لەساڵی 2007 بەرێزێکی دیکە وتی رێژەکە لە کوردوستان لەو ساڵەدا 1٪ بوە ، هەمان رۆژ کە ئەو لێدوانە بڵاوکرایەوە لە شارۆچکەی تەکیە 17 کچ خەتەنەکرابون کە 5 لە بارودۆخێکی خراپدا لە بەشی

فریاکەوتنی سلێمانی بەپەلە گیانیان ڕزگار کرا ، دوو ساڵ پێش ئێستە لە بۆنەیەك لە شارۆچکەی ڕزگاری باسی ئەم بابەتەکرا لەگەڵ یەکیەتی ژنان و قائمقامی ئەو شارۆچکەیە " سروە خان " ئەو بەڕێزانە وتیان ئەو باسە هیچ گرنگ نیەو ڕێژەکە لە ڕزگاری تەنها 3٪ بەلآم لەڕێگەی تیمەکانی خۆمان لە هەمان شارۆچکە لە سەروی 80٪ تۆمار کراوە وە تەنها لەو گەرەکەی سروەخانی لێ ئەژیا ئەوەی ئێمە بزانین 6 مامانی لێ بوو کە ئەو کارەیان ئەنجام ئەدا .

جارێکی دیکە بچوککردنەوەی ئەم تاوانە لەلایەن نوێنەرەکانی یەکیەتی ژنان بۆ ! و لەبەرژەوەندی کێ ئایا ئەگەر ئەم بابەتە باسی لێنەکرێت هیچ لە ئازارەکان کەم ئەبێتەوە ، وە بۆخۆی بچوککردنەوە بەشداریکردن نیە لە تاوانەکەدا ، تێنەگەیشتن نیە لە خەمی دڵی ژنانی کوردوستان .

ساڵی 2005 وەزارەتی ماف مرۆڤ لە هەوڵدابون بۆ فشار خستنەسەر چالاکیەکانی ڕێکخراوەکەمان دوای دیدارو لێکۆڵینەوە داوامان لێکردن وەك لایەنێکی فەرمی پێکەوە ئەو هەڵمەتە ئەنجام بدەین یان لێگەڕێن کارەکان بڕوات و بێدەنگیان لێکرد .

ساڵی 2007 دوای چەندین گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی کاروباری ژنان بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوەیە داوامان لێکردن لەکۆی بودجەی ئەو لێکۆڵینەوەیە حکومەتی هەرێم 50000 $ بگرێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی تیمێکی حکومی و ڕێکخراوەکان ئەنجامی بدەن بەمەبەستی سودی گشتی ، لەلایەن د. جنان پێمان گەیشتەوە کە حکومەت توانای مادی نیە بۆ ئەو کارە هەربۆیە داوا لە دەزگا کۆمەکبەخشە نێودەوڵەتیەکان کراوە بۆ ئەوەی کۆمەکی بۆ کۆبکرێتەوە ، وە تا نوسینی ئەم بابەتە هیچ نەگەیشت ، دەبێ ڕەخنە لەکێ بگرین و کێ کەمتەرخەمە ؟

دواجار ئەو بەڕێزە مێژویەکی چالاکیەکانی خۆیانی باسکردوە لەسەر دژایەتیکردنی دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە کە هەموو ئەو چالاکیانە شایەنی دەستخۆشین وە ئەگەر مەبەست لێیان بەراوردی کارەکانی خۆیان بێت بە چالاکیەکانی ئێمە ئەمەش هەر هەڵەیەکی گەورەی دیکەیە چونکە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی WADI لەوانەیە 50 کەس بین بەلآم یەکیەتی ژنان ئەوەی باس ئەکرێت لەسەرو 20000 ئەندامی هەیە ، و سەرجەم ئیمکاناتەکانی دیکەی ئێوە بەراورد ناکرێت بە هیچ ڕێکخراوێکی دیکە لە کوردوستاندا .

دواجار ئێمە ڕەزامەندین لەو چالاکیانەی کە بە ئیمکانیەتی سادەی خۆمان لەماوەی شەش ساڵی ڕابوردو دا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە ئەنجامدان داوە بە سازدانی هەڵمەتی هۆشیاری لە هەزاران گوند و بینینی دەیان هەزار ژن بڵاوکردنەوەی هەزاران نامیلکەی هۆشیاری و فلیم و کتێب و وتار و چاوپێکەوتن ، دروستکردنی یەکەم سایتی ئینتەرنێتی تایبەت بە خەتەنەکردنی مێینە کە لە ئاستی جیهانیدا بە پلەی پێنجەم دێت بۆ زانیاری لەسەر خەتەنەکردنی مێینە لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا ، گۆڕینی بۆچونە نێودەوڵەتیەکان بۆ پێناسەی خەتەنە وەك کێشەیەکی ئەفریقی و فراوانکردنی ئاستی زانیاری گشتی لەسەر بونی دیاردەکە لە ئێران و عێراق و ئەندەنوسیاو چەندین وڵاتی دیکە ... وە تا دوایی .

زۆر خۆشحاڵین بە هەر ڕەخنەیەکی زانستی لە کارو چالاکیەکانمان بە ئامانجی باشکردنی ئاستی خزمەتگوزاری و چالاکی بەلآم نەخوێندنەوەی لێکۆڵینەوەیەك و ڕەخنە لێگرتنی دەچێتە ژێر چ پێوەرێکەوە ؟